نرخی دۆلار لە بازاڕەکانی بەغدا جێگیر بوو و لە هەولێر کەمێک بەرزبووەوە

نرخی دۆلار ڕۆژی شەممە لە بازاڕەکانی بەغدا جێگیر بوو، لە کاتێکدا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کەمێک بەرزبووەوە.

نرخی دۆلار لەگەڵ کردنەوەی بەرسەکانی ئەلکیفاح و حارسیە جێگیر بوو و گەیشتە 160 هەزار و 400 دینار بەرامبەر بە 100 دۆلار، وەک هەمان نرخی پێنجشەممەی ڕابردوو.

هەروەها نرخی فرۆشتن لە دوکانەکانی ئاوگەڵە لە بازاڕە ناوخۆییەکانی بەغدا جێگیر بوو، نرخی فرۆشتن گەیشتە 161.500 دیناری عێراقی، لە کاتێکدا کڕین گەیشتە 159.500 دینار بە هەر 100 دۆلارێک.

لە هەولێر بەرسە لە ڕۆژانی هەینی و شەممە بازرگانی ناکات، بەڵام دۆلار لە دوکانەکانی ئاوگەڵەدا نرخی فرۆشتنی 160 هەزار و 600 دینار بەرامبەر دۆلار و نرخی کڕینی 160 هەزار و 300 دینار بەرامبەر 100 دۆلار تۆمارکراوە.